# لە یادی (١٠٣) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

# بەرەو پێکهێنانی تیمی ڕۆژنامەنووسیی گەڕۆک

ئەگەرچی زیاد لە سەدەیەکە ڕۆژنامە وەک کەناڵێکی ڕاگەیاندن لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردستاندا هاتووەتە کایەوە، بەڵام بە هۆی بارودۆخی هەمەلایەنەی دواکەوتووی کوردستانەوە، بەداخەوە، هێشتا گۆڕانکارییەکی پێویست و دڵخوازی بە خۆوە نەبینووە، نە لە ڕووی ناوەڕۆک و بابەتەکانییەوە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و ئاراستەکردنی ڕووداوەکان بەپێی بەرژەوەندییەکانی زۆرینەی خەڵکی هەبووە و، نە تەنانەت لە ڕووی شێواز و فۆرم و تیراژ و دابەشکردن و...تاد هێشتا وەکوو پێویست بەهرەمەند نەبووە لەو دەسکەوتە تەکنۆلۆژیایی و ئامێر و ئەزموونە نوێیانەی کە لەم بوارە هەستیارەدا بە دەست هاتوون.

دیارە برێکی زۆر لەو دواکەوتوویی و کەنارگیرییەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئەستۆی دوژمناندایە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی گەورەیان تێدا بینووە، سەرەتای ڕاوەدونانی ڕۆژنامەنووسان و سنووربۆدانانیان هەر لەو ساتەوە بە دیار دەکەوێت کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی؛ (کوردستان) چۆن بۆ دەرچوون و بڵاوکردنەوەی چەند شوێنی گۆڕیوە (کوردستان، قاهیرە، جنیف)، لە ساڵانی دواتر و تا ئێستاشدا مێژوو شاهیدی چەندین ڕووداوی دڵتەزێنە کە تیایدا دەیان ڕۆژنامەنووس و نووسەری بوێر و دڵسۆز بە دەست و پیلانی دوژمنان و کۆنەپەرستانی ناوخۆ تیرۆرکراون.. ئەمە جگە لەو بارە ناهەموارەی کە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان گوزەراندوویانە لەژێر باری نەبوونی ئازادیی بیروڕا و سانسۆری جۆراوجۆر و دابڕاویی لە تەکنۆلۆژیای چاپەمەنیی سەردەم و کولتووری جیهانی....

بۆ ئاساییکردنەوەی ئەم بارە، بۆ دەستڕاگەیشتن بە پێداویستییە تەکنیکی و زانستییەکانی ئەم بوارە، بۆ ئەوەی ڕۆژنامە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دابنێت و وا لە جەماوەر بکات ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداری داڕشتنی بڕیارە سیاسییەکان بکات و ئاراستەی ڕووداوەکان بە ئاقاری بەرژەوەندیی زۆرینەی خەڵکدا بەرێت، گەلێک هەوڵ و کۆششی هەمەلایەنە پێویستە، لە پێش هەموانەوە هەوڵی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و دەسەڵات و سەلماندن و ممارەسەکردنی گشتگیریی سەرجەم مافە مرۆڤایەتییەکان، و بە شێوەیەک کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەت ڕۆژنامە، ببنە ئەو زمانە حەقبێژ و ئاوێنەی خواستی خەڵک و دەسەڵاتی چوارەمەی کە لەمێژە قوربانی بۆ دەدەین و نوقڵانەی بۆ لێ دەدەین...

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باسکردنی تەواوی ئەو هەوڵ و کۆششانە نییە بۆ بەرەوپێشبردنی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و زاڵبوون بەسەر ڕێگرەکاندا... بەڵکو تەنیا پێداگرتن لەسەر جێبەجێکردنی داخوازییەکی ڕەوایە لەم بوارەدا کە توانای جێبەجێکردنی ئاسانە و ئەمیش بەجێی خۆی کاریگەری لە بەمەنزڵگەیاندنی ئەو کاروانەدا دەبێت.

داخوازیی پێکهێنانی تیمی ڕۆژنامەنووسیی گەڕۆک، بە هەموو پێداویستییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسییەوە، ئەم تیمانەی کە سنوورەکانی نێوان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حیزب و لایەنە جۆراوجۆرەکان ببەزێنێت و شار و شارۆچکە و گوندەکان یەکە بە یەکەیان دوور و نزیک بە سەر بکاتەوە و هاووڵاتیان بە دەنگ بهێنێت و باس و خواسیان، پێویستی و داخوازییان، ژیان و گوزەرانیان... بکاتە بابەتی جۆراوجۆری ڕۆژنامەنووسی لە هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵ و ڕیپۆرتاژ و وتار و لێکۆڵینەوە.

دەکرێت ئەم تیمانە کار و کردەوەیان بکرێتە زەنگێکی ڕاچەنین بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسان بیسەلمێنێت کە کاری ڕۆژنامەنووسی واتای نامێنێت و بەها و کاریگەری دەکوژرێت، ئەگەر ڕۆژنامەنووس لەسەر کورسییەکەی و بە دیار مێزێکەوە دانیشێت و چاوەڕوان بکات زەنگێکی تەلەفۆن لێ بدات و هەواڵێکی بدرێتێ و یاخود بانگ بکرێت بۆ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی و ڕیزە پرسیارێکی سادە و بێ گرێ و گوڵ و وەڵام حازر تۆمار بکات.

کەی ئەوە کاری ڕۆژنامەنووسییە کە ڕۆژنامەنووس سەرەتا و ئاکامی بابەتەکەی بۆ دیاری بکرێت و ماندوو نەبێت لە بەدەستهێنانیدا و ڕووبەڕووی گەرما و سەرما و دەسەڵات و خو و نەریتە باوەکانی سەردەم نەبێت.

ئەم جۆرە تیمانەی کە ئاماژەم پێکرد بە تایبەت کاتێک لە کەسانی بوێر و ڕۆشنبیر و دڵسۆز پێک بێت، کەسانێک کە لایەنگرییان بۆ ڕاستی و زانست و بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی زۆرینە خەڵک لە هەموو لایەنگیرییەکانی دیکە پێ چاکتر بێت، ئاهێک دەهێنێتەوە بەسەر ڕۆژنامەدا و گیان دەکات بە جەستەی تا ڕادەیەک مردووی دەسەڵاتی چوارەمدا و بابەتی ڕۆژنامەنووسی بەهرەمەند دەکات لە ناو و ژمارە و ئاماری نوێ و بەسوود.

بەم شێوەیە ئەم هەوڵە لەپاڵ هەوڵەکانی تردا بۆ بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ڕۆژنامە لەو کەنارگیری و بێکاریگەرییە ڕزگار دەکات و بەشداری لە ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتیدا دەکات و دەسەڵات بەرپرسیار دەکات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە هەنوکەییەکان و زامنکردنی دواڕۆژێکی شاد و بەختەوەر بۆ هەموو هاووڵاتیانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی.

بیرۆکەی ئەم بابەتەم (٢/٣/١١-٣-٢٠٠١) لە خولێکی ڕۆژنامەنووسی مەڵبەندی چاودێریی زانستیی سلێمانی خستە ڕوو کە مامۆستا هەڤاڵ ئەبوبەکر وانەی تێدا دەوتەوە، شایانی باسە مامۆستای ناوبراو وێڕای سەلماندنی گرنگی بابەت و پێشنیارەکە بە چاکی زانی کە ئەگەرچی ئەم بابەتە و جێگربوونی ئێستا لە گۆڕێدا نییە، بەڵام پێویستە بە گرنگ وەربگیرێت و هەرکاتێکیش بخرێتە ڕوو چ وەک پێشنیار و چ وەک پێڕەوکردن، زەرورە و دەستپێشخەری خستنە ڕووەکەی بۆ نووسەری ئەم بابەتە (عەلی محەمەد ئەمین) بگێڕدرێتەوە.

**عەلی محەمەد ئەمین**
پەیامنێری پەیام ـ باشووری کوردستان

Peyam

پەیام

# نە هێندە تاڵ بووین فڕێ بدرێین و نە هێندە شیرینیش قووت بدرێین!

دەڵێن: "ئەگەر هیچ نەکەیت، کەسیش هیچت پێ ناڵێت! نە بە چاک، نە بە خراپ!"

ئێمە بەر لەوەش کە بەتەواوی یەکڕا و هاوڕا بین و بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە دەبێت "جارێکی دیکەش گۆمەکە بشڵەقێنین!" و بڵاوکراوەیەکی "جیاوازتر لەوەی کە هەیە!" دەربکەین، بەئاگا بووین لەوەی کە کردەیەکی وا بە کامە ئاکام و چ دەرئەنجامێکمان دەگەیەنێت! هۆشیار بووین بەوەی کە ئەم "هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت!" و دڵنیا بووین لەوەی "بێ تەقە دەرناچین!" و "دنیایەک قسەمان دێتە سەر!" هەرواش بوو: هەر لە دەستپێکڕا سەرەتای قسەکان دەرکەوتن و دواتر و لەگەڵ هەر بڵاوکردنەوەیەکی نوێشدا زیاتر و زیاتر دەبوون. دەمانبیستنەوە و زۆربەی جارانیش بە نووسین و نامە بۆمان دەنێردران و ئێستاش "گەنجینەی پەیامەکەمان!" پڕە لەو نامە و نووسینانەی لە ماوەی دەرچوون و ئێستاش "لەنێوچوون!"ی پەیامەکەماندا پێمانگەیشتوون. قسە جوان و شیرینەکانیان بۆ هەمیشە لە دڵدا هەڵدەگرین و "بەبەخت بووین! بەختیش ساڵی چەند جارێک لە دەرگای دەداین!" هەبوون دەیانوت: "بە نووسینەکاندا دیارە، ئەمانە "کۆمۆنیست!" و چەپڕەوە کوردەکانن و دیسان لە سای بڵاوکراوەیەکدا هەوڵی خۆکۆکردنەوەیەکی دیکە دەدەن!" دەیانوت: "ناکرێت و نەبووە! بڵاوکراوەیەک بەو نێوەڕۆکە و بەو شێوە و شێوازە جوانەوە، هەر دەبێت پشتگیری و دەستگیرۆیی لایەک، لایەنێک "ئەمما لایەنێکی دەوڵەمەند!"ی لە پشت بێت!" ڕادەمان و دەیانپرسی: "کەسانێکی لەخۆبەگومان و ترسنۆکن! ئەگەرنا بۆ ناوی سەرنووسەر و نووسەرانیان ئاشکرا ناکەن!؟ ـ ئاخر لەوە بێ خەبەر بوون کە ئێمە لەنێو خۆماندا پێکەنینمان بە عەقڵی دابەشکردنی نووسەران بە سەرنووسەر و ژێرنووسەرانەوە دەهات و دەمانویست ئەوەش "بە حەوت ئاو بشۆینەوە!" ـ دەیانوت: "هەموو هەوڵەکانی دیکەی ئەم بوارە بە نشوستی کۆتاییان هات و ئەمانیش ئەگەر پشتیان بە "گەورەپیاوان!" ئەستوور نەبێت هەر بەو ئاکامە دەگەن!"، کە بابەتی کەسێکی ناو "ئاگرە سوورە!" خۆشکراوەکەشمان بڵاو دەکردەوە، ئیتر پڕیشکی ئاگرەسوورە"دوور لە باڵای ئەوان!" ئێمەی دەگرتەوە و دەکراین بە هاوبەشان و هەڵگرانی بیر و بۆچوون و تێڕوانینەکانی نێو بابەتەکە و: بڵاوکردنەوەی بابەتێکی نەوشیروان مستەفا دەیکردین بە "ئەوەتا ئەمانیش لە ژێرەوە یارمەتی دەدرێن!" و "کادیرە کۆنەکانی کۆمەڵەن و سەریان هەڵداوەتەوە!" و بە خشکەیی لایەنگری لە سیاسەت و ڕێبازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەن! بڵاوکردنەوەی هەواڵی یادکردنەوەی کۆچی مەلا مستەفای بارزان، دەیکردین بە "کاسەلێسانی خەزێنەکەی ماڵە بارزانیان!" و "ئەڵقەلەگوێیان!"ی پارتیی دیموکراتی کوردستان و بڵاوکردنەوەی بابەتی کەسایەتییەکی سەر بە پارتیی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق و حیزبی شیوعیی عیراقیش دەیکردینەوە بە "کۆنەکۆمۆنیستان و چەپڕەوە تیژڕەوەکانی ئێستا!" و ـ سەیر لەوەدا بوو کە قەت تاوانی سەر بە (پ.ک.ک.)بوونمان بە ملدا نەدرا، ئەو پارتییەی کە لە زەمەنی کارایی ئێمەدا لە گشت پارتییەکانی دیکە چالاکتر بوو لە مەیدانەکەدا و بە هەموو شێوەیەکی باش و خراپیش قسە لەسەر کردەوەکانی دەکرا! ـ ئێمەش دەبوو چ لەبەر تەوژمی ئەم "مۆرکی تاوانانەدا ـ کە ساڵانێکی دوورودرێژە بەشێک لە دواکەوتووترین لایەنەکانی ڕۆشنبیریی کوردیی داسەپێنراو پێک دەهێنن و زۆربەی جارانیش لە دەستەی "ڕۆشنبیرانی سەربەخۆی!"ی کوردەوە ـ ئەگەر خوانەکردە هەبێت! ـ سەر هەڵدەدەن! و چ لەبەر تەوژمی ئەرکە تاقەتپرۆین و نالەبارەکانی خۆماندا، شەو بخەینە سەر ڕۆژ و ڕۆژ بە شەونخونی بسپێرین، ـ ئەمیان هەڵبژاردەی خۆمان بوو و هیچ منەتێکی تێدا نەبوو! ـ دەبوو خۆمان ڕابگرین و هەندێک جاریش یەکتر ئاگادار بکەینەوە لەوەی کە "هەرچی لەسەرمان دەوترێت و بەرانبەرمان دەکرێت ڕاستە!" ڕاستە! چونکە ئێمە خەریکین "دار لە کونەزەردەواڵان وەردەدەین!" و خەریکی کارێکی "غەریب" و "تێکدەر"ین! خەریکین لە ڕووی شێوە و شێوازی دەرهێنانەوە بڵاوکراوەیەکی کوردی بە ئاستی بڵاوکراوەی میللەتە پێشکەوتووەکانی دنیا دەگەیەنین و لەگەڵ دەرچوونی هەر ژمارەیەکی نوێدا جوان و جوانتری دەکەین! خەریکین لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە ـ کە ئەمیان "بۆ تەنگەتیلان!" و "ڕۆشنبیرە حزبی و حزبییە ڕۆشنبیرەکان!" ترسناکتر بوو! ـ بڵاوکراوەیەکی "چێشتی مجێور!"انە دەردەکەین و لە هەوڵی ئەوەداین هەموو ڕەنگ و دەنگەکان لە دەوری یەکتر کۆ بکەینەوە! ـ ئەو بانگاشەیەی سەردەمانێکە بووە بە باوی ڕۆژگار، لە هەموو جێیەک دەدرێت و لە هیچ جێیەکیش پێڕەو ناکرێت! ـ سەکۆیەکمان دروست کردووە و هەموومان پێکەوە، بەتەواوی بیر و بۆچوون و جیاوازییەکانمانەوە، تێیدا لە دەوری یەکتر کۆ بووینەتەوە و خەریکی "تێکدان و هەڵشێلانی کۆن!" و بیربیرەی "یەکتر قبووڵکردن و نەکردن!"ین. خەریکین خەڵکانێکی شارەزا لەسەر ئێستا و داهاتووی "سیاسەتی کورد! بیری کورد! ڕێنووس و زمانی کورد! ـ کە ئەمیان گەورەترین کارەساتی نێو ڕۆشنبیری و سەرلەبەری بڵاوکراوە کوردییەکانە لە هەر جێیەک بن! ـ و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کورد" دەهێنینە قسە و قسەکانیش هەریەکە و "لە ئاوازێک دەڵێن!" و ئێمەش چ باکێکمان "لە نێوەڕۆکی دڵسۆزانە!"یان نییە! خەریکین دنیای "پاکیزەیی کچ و ژنەکانمان!" دەخەینە بەر پرس و گومانەوە و هانیان دەدەین بێن و دنیای پیاوانەی "ئەسپێون و پڕ لە مشکی و جامانە و کەڵلەپووتیی سەدەکانی ناوەڕاست!"مان بهەژێنن. خەریکین ئەو دید و بڕوایانەی بە ناوی ئایینەوە بەزۆر بەسەرماندا سەپێنراون شەنوکەو دەکەین و خەریکین ئاوڕێک لە هونەری کوردی، بە هەموو بەشەکانیەوە، دەدەینەوە؛ ئەو هونەرەی کەس نازانێت لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و ئێستا لە چیدایە و داهاتووی بە کوێ دەگات! خەریکین و خەریکین و هەر هەمووشمان بەوپەڕی دڵاوایی و ڕاستگۆییەوە دڵمان بۆ قسە و قسەڵۆکان ئاوەڵا کردەوە، "باجی ماندوویێتی و خەریکبوون دەدەین!" و دەمانەوێت بە یارمەتیی ڕەخنە و هاوکاریی دڵسۆزان لە کەموکوڕییەکان کەم بکەینەوە، لە هەڵەوپەڵەکان تێ بگەین و دووبارەیان نەکەینەوە. بە بیری خۆمان و بیری یەکتری دەهێنینەوە کە "مادام خەریکی کارێکین، دەبێت هەموو قسەیەکیش، چ باش و چ خراپ، قبووڵ بکەین!" "دەبێت ڕێی خۆمان بگرینە بەر و لێگەڕێین چی دەڵێن بیڵێن!" و ڕاستییەکەشی بەوپەڕی لەخۆبووردنەوە هەروامان کرد و بەڵام، هەمیشە هەر یەک خەمی گەورە بە ئاگای دەهێنناینەوە: دەست لەسەر دڵ لە خەمی ئەوەدا بووین ئاخۆ چۆن و بە چ ڕێگایەک بتوانین درێژە بە کارەکەمان بدەین و جارێکی دیکەش بەبێ ئەوەی مەجبووری "دەستپانکردنەوە لە ناجیزان!" و "کاسەلێسیی ماڵەگەوران!" بین پەیامەکەمان بڵاو بکەینەوە. ئاخرییەکەی لەبەر زۆر هۆ ـ کە ناخۆشترینیان لە سەردەمێکدا کە باس لە دەوڵەمەندیی ماڵی کورد دەکرێت، دەستکورتی و گیرفانبەتاڵی ئێمەیە! ـ نەمانتوانی و ناتوانین لەوە زیاتر هەڵگرانی ئەو خەمە بین و "ئەسپی ئێمەش لە هەڵەمووتان سەرسمی دا و گلا!" و لێرەدا ئیتر بەر لەوەی "ڕیسەکەمان ببێتەوە بە خوری!" و دوای هەموو هەوڵ و کۆششێک و تێخوێندنەوەی گشت ئیمکانیاتەکانی بەردەوامبوون، هەموو یەک دەنگین و دەمانەوێت بانگەوازی ماڵئاوایی لەو ماڵە "پەلکەزێڕینە"یيە ڕابگەیەنین، کە بۆ ماوەیەک هەموومان لەنێو دیوارە پڕشنگدارەکانیدا دەستلەملانی یەکتر بووین، زۆر دڵمان پێ خۆش کرد و زۆر دڵێشمان تێدا ئێشان و زۆرجاریش "شەڕ"مان تێدا کرد، هاوکاتیش دەمانەوێت ماڵئاوایی لەو یادەوەرییانە بکەین کە هەندێکیان هێندە شیرینن کە تا پێچاڵی گۆڕیش هەر بە شیرینی لە دڵ و دەروونماندا دەمێننەوە. بێ لەوەش دەمانەوێت سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ گشت ئەو هاوڕێ دڵسۆزانە دووپات بکەینەوە کە هەمیشە بە خەمی ئێمەوە بوون و لە ماندوونەبوونیان دەپرسین! بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە هەر خەریکی سەیرکردن و قسەکردن نەبوون و دەهاتن و لەگەڵماندا دەستیان دەدایە چمکێک و کارئاسانییان بۆ دەکردین! بۆ ئێوەش کە نەدەسڵەمینەوە لەوەی، جارناجارێک، دەست لە گیرفانان ڕۆ بکەن و سەرباری ئەرک و ناخۆشیی ژیانی خۆتان کۆمەک و دەستگیرۆییمان بکەن! لە سەرووی هەمووشیانەوە سوپاس بۆ ئەو ساتانەی کە بابەتی گەنجانەی گەنج و پیرەکانمان بە دەست دەگەیشتن و شاگەشکەیان دەکردین، زەردەخەنەیان دەخستە سەر لێوانمان و ئێمەش بە خۆشییەوە باوەشمان بۆ دەکردنەوە و دەمانوت: "ڕۆژنامەگەریی کوردی خەریکە لەڕێی قەڵەمە نەترس و بەبڕشتەکانەوە خەریکە ڕۆژگارە ڕەشەکانی خۆی تێدەپەڕێنێت!" دەمانەوێت ماڵئاوایی لە هەرچییەک کردمان، وتمان و نووسیمان بکەین!

دەمانەوێت سوپاسیش بۆ هەرچییەکیش کە دەکرێت و دەوترێت و دەنووسرێت بنێرین و داوای سەرفرازیی و دڵئازادیی بۆ هەموان بکەین!

**دەستەی نووسەران**